# هەڵسەنگاندنی تێزی دکتۆراکان لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین بەپێی پێوەرەکانی کوالێتی توێژینەوە

**ڕۆزە حەمەوەیس حەمە میرزا[1] - جواد نعمت حسێن[2] - فواد علی احمد[3]**

[1+3]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی پەروەردەی هونەری، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە (ناونیشانی هەڵسەنگاندنی تێزی دکتۆراکان لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین بەپێی پێوەرەکانی کوالێتی توێژینەوە) تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئەو توێژینەوانەی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین، کە بۆ بەدەستهێنانی دکتۆرا ئەنجام دراون، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەم پرسیارە سەرەکییەی کە ئایا تێزی دکتۆراکانی زانکۆی سەلاحەدین پەیڕەوی پێوەرەکانی کوالێتی توێژینەوەیان کردوە؟ لە هەریەک لە بوارەکانی (ناونیشانی تێزەکان، زمانی نوسینی ڕاپۆرتی تێزەکان، پێشەکی،کێشە، گرنگی، ئامانج، کۆمەڵ، سامپڵ، سنور، ئامرازی توێژینەوەکە).

لە گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی تێزی دکتۆرای بەدەستهاتو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین لە ماوەی کردنەوەی خوێندنی باڵا لەو بەشەدا (٢٠١٢-٢٠١٨). ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفیە، پشتی بەستوە بە فۆرمی هەڵسەنگاندن لە ڕێگەی پێوەرێکەوە بۆ هەڵسەنگاندنی تێزەکان. لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتوە بریتییە لە دیاریکردن و دارشتنی ناونیشانەکان پێوەری هەڵسەنگاندنی باش لە پێشەوەی پێوەرەکانی تردا بوە و تێکڕای ناوەندی شیاوی ناونیشانەکان لە ئاستی باڵادا بوە، سەبارەت بە زمانی نوسینی ڕاپۆرتی تێزی دکتۆراکان، دەرکەوتوە کە (زمانی ئەکادیمی بۆ نوسینی ڕاپۆرتی تێزەکان) لە پێوەری هەڵسەنگاندنی باشدا بوە و ناوەندی شیاوی نوسینی تێزەکان لە ئاستی باڵادا بوە. لە شێوازی نمایشکردنی پێشەکی دکتۆراکاندا دەرکەوتوە لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندندا پێوەری (باش) بەرزترین بوە لەچاو پێوەرەکانی تردا و بەتێکڕای ناوەندی شیاویان لە ئاستی باڵادا بوە. لەدیاریکردنی کێشەی تێزەکاندا لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندندا پێوەری (باش) بەرزترین بوە لەچاو پێوەرەکانی تردا و بە تیکڕای ناوەندی شیاوی ئاستی باڵا. سەبارەت بە ئامانجی تێزی دکتۆراکان ئەوە دەرکەوتوە، کە لە تێزەکاندا پێوەری هەڵسەنگاندنی (تارادەیەک باش) لە ناو تەوەرەکانی هەڵسەنگاندندا زۆرترین بوە و تێکڕای ناوەندی شیاوی ناوەند، لەگەڵ ئەوەدا هەریەک لە (میتۆد، کۆمەڵ، سامپڵ،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

سـنور، ئامرازەکان)ی تویژینەوە لە پلەی هەڵسەنگاندنی باش و ئاستی باڵادا بون.

**کلیلە وشەکان:** هەڵسەنگاندن، تێزی دکتۆرا، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین، کوالێتی توێژینەوە، پێوەر.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16
**Received:** 23-June-2022
**Accepted:** 10-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
roza.merza@univsul.edu.iq
jawad.hussein@univsul.edu.iq
fuad.ahmad@univsul.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

توێژینەوە لە هەر بوارێکی زانستیدا گرنگی و بایەخی تایبەت بە خۆی هەیە، هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی بواری ڕاگەیاندن کارێکی گرنگ و بایەخدارە، وەک هەنگاوێکی گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو توێژینەوانەی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین ئەنجامدراون، توێژەر هەڵسەنگاندنی کردوە بۆ سەرجەمی ئەو تێزی دکتۆرایانەی زانکۆی سەلاحەدین لە ڕێگەی دروستکردنی پێوەرێکەوە، توێژەر توێژینەوەکەی دابەشکردوە بۆ ئەم بەشانە لە بەشی یەکەمدا، کە پێکدێت لە چوارچێوەی توێژینەوەکەی تیادا باسی هەر یەک لە (کێشە، گرنگی، ئامانج، نمونە، کۆمەڵ، میتۆد ، سنور، ناساندنی چەمک و زاراوە، ڕاستگۆیی، جێگیریی، توێژینەوەکانی پێشو، گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشو)ی کردوە، بەشی دوەمی توێژینەوەکەی کە تایبەتە بە بەشی تیۆری تیایدا باسی لە هەریەک لە (هەڵسەنگاندن، بنەماکانی هەڵسەنگاندن، هەڵسەنگاندن لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن، ئامانجەکانی هەڵسەنگاندنی مەنهەجی لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن، پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی کوالێتی زانستی) کردوە، لە بەشی سێیەمدا کە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، لەڕێگەی پێوەرێکەوە هەمو تێزی دکتۆراکانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

## چوارچێوەی توێژینەوەکە:

**کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی تێزی دکتۆرای بەدەستهاتو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین)، بریتییە هەستکردن بە کەموکوڕی لە بواری توێژینەوەی زانستیدا لە توێژینەوەکانی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین، و نەبونی توێژینەوەیەکی زانستی پێشتر سەبارەت بەم بابەتە سەرەڕای ئەنجامدانی چەندەها نامەی ماستەر و دکتۆرا لە بواری ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێویستە بخرێنە ژێر پرۆسەی هەڵسەنگاندن، بە مەبەستی دەرخستنی لایەنە ئەرێنیەکانیان بۆ بەردەوامبون لە سەریان و دەرخستنی لایەنە نەرێنییەکانیان و پێشنیازکردنی ڕێگای چارەسەرکردنیان، ئەمە لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی تێزی دکتۆراکانی ئەم بوارە لە کوالیتی و شیاوی لە ڕوی زانستی میتۆلۆجیدا بۆیە توێژەر لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە توانی کێشەی توێژینەوەکەی بخاتەڕو:

ئایا تێزی دکتۆراکانی زانکۆی سەلاحەدین تا چەند پەیڕەوی پێوەرەکانی کوالێتی توێژینەوەیان کردوە؟ لەڕوی: (ناونیشانی تێزەکان، زمانی نوسینی ڕاپۆرتی تێزەکان، پێشەکی، کێشە، گرنگی، ئامانج).

## ئامانجی توێژینەوەکە:

١-زانین و هەڵسەنگاندنی تێزی دکتۆرای بەدەستهاتو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین لە ماوەی کردنەوەی خوێندنی باڵا –دکتۆرا (2012-٢٠١٨)

٢-دروستکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی تێزەکان پاش ئەوەی لەلایەن پسۆڕانەوە ڕاستگۆیی بۆ دەرهێنراوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفی –شیکاریە، لەڕێگەی پێوەرێکەوە هەڵسەنگاندن کراوە بۆ تێزی دکتۆراکانی زانکۆی سەلاحەدین.

**ئامرازی بەکارهاتو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری:** توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پاش دروستکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندن کە پێکهاتوە لە چەند تەوەرێکی سەرەکی بریتیبون لە: ناونیشان، چوارچێوەی توێژینەوە بەهەمو بەشەکانیەوە کە بریتین لە کێشە، ئامانج، گرنگی، سنور، چەمک وزاراوە،....هتد، هەر یەکێک لەو تەوەرانە لە چەند بڕگەیەک پیکهاتوە، پاشان بۆ هەریەکێک لە بڕگەکان ئەم ئاستانەی هەڵسەنگاندن دیاریکراوە (باش، تاڕادەیەک باش، لاواز).

**کۆمەڵی توێژینەوەکە:** بریتییە لە سەرجەمی تێزی دکتۆرایانەی کە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین کە ژمارەیان (٦) تێز بوە وسەرجەمیان هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە.

**نمونەی توێژینەوەکە (١):** توێژەر بۆ هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەیەکی شێوازی کۆگیری (حصر شامل)ی وەرگرتوە واتە هەمو تێزی دکتۆرایانەی لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین گفتوگۆکراون.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

## سنوری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە: سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە

**سنوری بابەت:** بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی تێز دکتۆرای بەدەستهاتو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین بەپێی ناوەڕۆکی نامەکان.

**سنوری شوێن:** بریتییە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین لە هەرێمی کوردستان –عێراق کە تێزی دکتۆرای تێدا بەدەستهاتوە.

**سنوری کات:** بریتییە لەو ماوەیەی کە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین کە تێزی دکتۆرای تێدا بەدەستهاتوە لەساڵی (٢٠١٢-٢٠١٨)

## ناساندنی چەمک و زاراوەکان:

**هەڵسەنگاندن:** هەڵسەنگاندن پرۆسەی بڕیاردانە لەسەر شتێک یان کەسێک لەڕۆشنایی پلەی پێوانەکردنی ئامانجە دیاریکراوەکان و لەڕۆشنایی زانیارییەکانی تر کە لەڕێگەی سەرچاوە جیاوازەکانەوە بەدەست دەخرێن(الشامخ، ٢٠١٨: ١٦).

**تێزی دکتۆرا:** بەرزترین توێژینەوەی پسپۆڕی و لوتکەی توێژینەوە زانستییەکانە، بە مەبەستی نوێکاری چەسپاو ڕیشەیی لە مەیدانی زانستەکاندا، کە دەتوانرێت کتێبخانە دەوڵەمەند بکات بە بیرۆکەی نوێ و بیردۆزی داهێنراوی زانستی(عناية، ٢٠٠٦:٢٠).

**بەشی ڕاگەیاندن (٢):** بەشێکە لە بەشەکانی سەر بە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین کە لە ٢٩-٨-٢٠٠٥ دامەزراوە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٦ قوتابی وەریگرتوە، ژمارەی مامۆستا میلاکەکانی ٢٢ مامۆستایە، بەهەردو بەشی ئێواران و بەیانیان، ساڵی ٢٠١٢ دەست بەخوێندنی ماستەر و دکتۆرا کراوە. سەرەتا دو لق بو ڕۆژنامەو تیڤی، بەڵام لە ٢٠٢١ هەردو لقەکەیان کرد بەیەک، واتە ئێستا تەنیا ڕاگەیاندنە (محمد، چاوپێکەوتن٢٠٢٢).

**زانکۆی سەلاحەدین:** دێرینترین زانکۆیە لە باشوری کوردستاندا کە کامپی زانکۆکە لە ئێستادا لە پارێزگای هەولێرە ئەم زانکۆیە یەکەم جار لە پارێزگای سلێمانی دامەزراوە لە ساڵی ١٩٦٨، بەڵام گواسترایەوە بۆ پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٨١، زانکۆی سەلاحەدین ئەندامە لە کۆمەڵەی زانکۆ نێودەوڵەتییەکان تاوەکو ٢٠٠٥ کۆلێژە پزیشکییەکانی هەولێر لەو زانکۆیە بو، بەڵام لەو ساڵەوە زانکۆی پزیشکیی هەولێری لێجیابویەوە. جۆری خوێندن لە زانکۆکە خۆڕاییە بەوەی زانکۆیەکی حکومییە (archive.gov, ٢٠٢١) .

**پێوەر:** بریتییە لە پرۆسەی دیاریکردنی بەها یان جۆری گۆڕاو بەپێی ڕێسای دیاریکراو، توێژەر ئاماژەکانی تایبەتمەندی شتەکان دەپێوێت، یان تاکەکان، یان ڕوداوەکان، یان ئەنجامەکان، لە واقیعدا، یان کارلێکبونی تایبەتمەندی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

و خەسڵەتەکان لەگەڵ یەکتری، یان کارلێکبونی تایبەتمەندی خەسڵەتەکان لەگەڵ پێشهات و ڕوداوەکان، گرنگی پێوانەکردنی دەردەکەوێت لە پاڵپشتیکردنی متمانەی توێژەر لە بڕیارەکانی و ڕاڤەکردنیان بە وردی و بابەتیانە، چونکە پێوانەکردنی بڕ توێژەر بەدوردەخات لە گۆشەگیری (البلداوي، ٢٠٠٧: ٤٢-٤٣)

**کوالیتی توێژینەوە:** کوالیتی بریتییە لەدیاریکردنی پێوەرە پێوانەییە ڕێکخراوە مەنهەجییەکان کە بریتین لە ئامرازەکانی پێوانەکردنی کوالیتی ناوەڕۆک و وەسفکردنی (عثمان ،٢٠١٤: ١٤). گرنگی ئەم کوالیتیە لە سەلامەتی ئامانجەکانی دەردەکەوێت لە باشترکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەی زانستی کە گرنگی دەدات بە گونجاندنی پێشهاتە نوێکانی توێژینەوە لە بواری پسپۆری خوێندکارە توێژەرەکە.

**ڕاستگۆیی فۆرمی هەڵسەنگاندن:** توێژەر هەستا بەپێدانی فۆرمی هەڵسەنگاندن بە (٦) پسپۆری بواری ڕاگەیاندن (٣) بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر شیاوی فۆرمی هەڵسەنگاندنەکە و ئەو گۆڕانکاریانەی پێشنیاریان کردبو لەلایەن توێژەرەوە بە هەندوەرگیران، و ڕێژەی ڕێکەوتن لەسەر بڕگەکانی فۆرمی شیکارەکە لای پسپۆڕان (٨٣٪) بو ئەمە بە پێی پێوەرە زانستییەکان ڕێژەیەکی بەرزە بۆ ڕاستگۆیی فۆرمی هەڵسەنگاندنەکە و گونجاوە بۆ بەکارهێنان.

**جێگیری بۆ فۆرمی هەڵسەنگاندنەکە:**

آ-جێگیریی توێژەر لە نێوان دو کاتی جیاوازدا: بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری بۆ فۆرمی هەڵسەنگاندنەکە، ڕێگای دوبارە هەڵسەنگاندنەوەی بۆ (١٠٪) توێژینەوەکانی ماستەر و دکتۆرا ئەنجامدا پاش تێپەربونی مانگێک بەسەر هەڵسەنگاندنی یەکەمدا، لە ئەنجامدا توێژەر بەڕێژەی ٩٠٪ ڕادەی جێگیریەکەی بو کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بۆ ڕادەی جێگیری.

ب-جێگیریی لەلایەن توێژەرێکی ترەوە: توێژەر ١٠٪ی نامەی ماستەر و دکتۆراکانی دا بە توێژەرێکی تر(٤)بە مەبەستی جێگیریەکەی و بەپێی هاوکێشی هۆلستی و کوپەر ڕادەی جێگیریەکەی ٨٥٪ بو ئەمەش ڕێژەیەکی باشە بۆ جێگیری هەڵسەنگاندنەکە.

**توێژینەوەکانی پێشو:**

١- توێژینەوەی الدوغجي (٥): کێشەی توێژینەوەکە بریتیبوە لە: پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی میتۆدی پشتپێبەستراو لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغداد، کۆلێژی ڕاگەیاندن چیبون؟ بۆ ئەم مەبەستەش پرسیارەکانی توێژینەوەکەی لەسەر دو ئاستی سەرەکی بوە: ئاستی یەکەم: پرسیارەکانی پەیوەست بەشیکردنەوەی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن کە لەم پرسیارانە پیکهاتوە: کامانە بون پۆلێنی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی دکتۆراو ماستەر و دبلۆم بەپێی جۆری ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن؟ و چۆن هەریەک لە ڕەگەزەکانی چوارچێوەی میتۆدی و ڕێکاری توێژینەوە لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن دیاریکراون لەڕوی ناوەڕۆک و شێوازی پۆلێنکردن و خستنەڕویان؟ چۆن دەتوانرێت ڕەگەزەکانی چوارچێوەی میتۆدی و ڕێکاری لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

هەڵبسەنگێنرێت لەڕوی گونجان، لێکچون و هاوتاییەوە هەرچی ئاستی دوەمە بریتە لە: پرسیارەکانی پەیوەست بە پێوەرەکانی هەڵسەنگێنەرانی زانستی کە جێبەجێدەکرێن لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن کە بریتیبون لەم پرسیارانە: کامانەن پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی کوالێتی و ڕەسەنی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن و داهێنانەکانیان و هەڵسەنگاندنی تواناکانی توێژەری زانستی کە هەڵسەنگێنەرانی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن پشتیان پێبەستوە؟ ئەو پێوەرانە کامەنەن کە هەڵسەنگێنەران پشتی پێدەبەستن بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی کوالێتی ڕەگەزی میتۆدی و ڕێکاری لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لە سەرجەم ئاستەکانیدا؟ ئاماژەکانی ڕیزبەندی نمونەی هەڵسەنگاندنەکە چیبون بۆ پێوەرە میتۆدییەکان کە لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ هەڵسەنگاندن پشتیان پێبەستوە؟

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە پۆلێنکردنی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن بە سەرجەم ئاستەکانیەوە بۆ دو کۆمەڵە، یەکەم بەپێی جۆری بابەتەکان، دوەم بەپێی ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن، و دیاریکردنی بەهای هەر یەک لە کۆمەڵەکان کە زۆرتر گونجاو بوە.

دیاریکردنی ڕەگەزەکانی هەریەک لە چوارچێوەی میتۆدی و ڕێکاری لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لەڕوی چوارچێوە و شێوازو خستنەڕو و پۆلێنکردن.

هەڵسەنگاندنی هەر یەک لە چوارچێوەی میتۆدی و ڕێکاری لەڕوی پێوەرەکانی گونجاندن و لێکچون و هاوتایی.

دیاریکردنی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی کوالێتی و ڕەسەنی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن و داهێنانەکانیان و هەڵسەنگاندنی تواناکانی توێژەری زانستی کە هەڵسەنگێنەرانی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن پشتیان پێبەستوە.

دەستنیشانکردنی ئەو پێوەرەرانەی کە هەڵسەنگێنەران پشتی پێدەبەستن بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی کوالێتی ڕەگەزی میتۆدی و ڕێکاری لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لە سەرجەم ئاستەکانیدا.

کۆمەڵی توێژینەوەکە: کۆمەڵی توێژینەوە شیکاریەکەی: بریتیبون لە تێزی دکتۆراو و نامەی ماستەرو توێژینەوەی دبلۆمی هەریەک لە بەشەکانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ تەلەفزیۆن و پەیوەندییە گشتییەکان کە لە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغداد تاوتوێکراون.

کۆمەڵی توێژینەوە مەیدانیەکە: کۆمەڵی توێژینەوە مەیدانیەکە پێکدێت لە وانەبێژانی کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغداد بە هەمو بەشەکانیەوە کە هەڵگری پلەی زانستی پرۆفیسۆر و یاریدەدەری پرۆفیسۆر و مامۆستا بون بۆ ئەم مەبەستەش سەرجەم ئەو وانەبێژانەی وەرگرتوە کە هەڵگریی ئەو پلە زانستیانە بون بۆیە توێژەر شێوازی کۆگیری بەکارهێناوە لەکاتی جێبەجێکردنی پێوەرەکە ئەوەش لەبەر کەمی قەبارەی کۆمەڵی توێژینەوەکەی و ئاسانی گەیشتن بە تاکەکانی کۆمەڵەکەی.

سەبارەت بە سامپڵی توێژینەوەکە: توێژەر سامپڵی توێژینەوە شیکاریەکەی لە ڕێگەی سامپڵی هەڕەمەکی چینایەتیەوە دیاریکردوە لەبەرئەوەی گونجاوە بۆ ئەو توێژینەوانەی کە کۆمەڵی توێژینەوەکانیان گونجاو یەکسان نییە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

سەبارەت بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە

یەکەم دەرئەنجامی توێژینەوە شیکاریەکە: لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی:

توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن بە زۆری تایبەتبون بە جۆرەکانی پەیوەندیکردن و ئەرکەکانی و توێژینەوەی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی لە بەرامبەردا کەمترین توێژینەوەی کە بەم ڕێگەیە کاری لەسەر کراوە.

کەمی خواستی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لەسەرجەم ئاستەکانیدا بۆ توێژینەوە هۆکارییەکان، و زۆربونی ڕێژەی توێژینەوەی وەسفی.

ئاڕاستەی زۆربەی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لە سەرجەم ئاستەکانیدا بەکارهێنانی گریمانەی ڕاستەوانەیە زیاترە لە بەکارهێنانی گریمانەی پێچەوانە و نەرێنی.

زۆربەی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی دیاریکردنی گرنگی توێژینەوەدا تەنها ئاماژەیان بۆ گرنگی زانستی و گرنگی بۆ کۆمەڵ کردوە، کەمتەرخەمبون لە خستنەڕوی گرنگی بۆ توێژەر.

لە خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشودا شێوازی بیبیلۆگرافی زیاتر بەکارهێنراوە، بەبەراورد بە شێوازەکانی تر.

زۆربەی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن میتۆدی ڕوپێویان بەکارهێناوە وەک بەشێک جۆری توێژینەوەی وەسفی و لاوازی بەکارهێنانی میتۆدی ئەزمونی.

زۆر بەکارهێنانی شێوازی دیاریکردنی سامپڵ بە بەراورد بە بەکارهێنانی شێوازی کۆگیری.

فۆرمی شیکاری ئامڕازی سەرەکی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان بوە، چاوپێکەوتن وەک ئامڕازی لاوەکی بەکارهێنراوە و بەدیاریکراویش چاوپێکەوتنی (غير المقننة) و کەسی لە ڕوی ئامانجەکەی و بە تەنها لە ڕوی ژمارەی بەشداربوان تیایدا.

تەنها ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەکارهێنراوە، بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی بۆ ئامڕازی توێژینەوەکان و هیچ کام لە جۆرەکانی تری ڕاستگۆیی بەکارنەهێنراون، بۆ جێگیریش تەنها ڕێگەی دوبارە تاقیکردنەوە بەکارهێنراوە و جۆرەکانی تر پشتگوێ خراون.

دوەم دەرئەنجامە مەیدانییەکان: لە گرنگترینیان توێژەرانی کۆلێژی ڕاگەیاندن ڕێکەوتون لەگەڵ هەڵسەنگێنەران لە دیاریکردنی میتۆدی توێژینەوە و جۆرەکەی و داڕشتنیان، لەبەرامبەردا ڕێکنەکەوتون لە دیاریکردنی شێوازە ئامارییەکان.

لەڕوی ئامارەوە سەلمێنراوە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئەرێنی هەیە کە ئاماژەی ئاماری هەیە لە نێوان تواناکانی توێژەی زانستی و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستی کوالێتی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لەڕوی ڕەگەزەکانی میتۆدی و ڕێکاری لە ڕوانگەی ڕەسەنی و داهێنانەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

لەڕوی ئامارەوە سەلمێنراوە، کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی ئەرێنی هەیە کە ئاماژەی ئاماری هەیە لە نێوان پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستی کوالێتی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لەڕوی ڕەسەنی و داهێنانەوە لەنێوان پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی کوالێتی توێژینەوە و ڕەگەزەکانی میتۆدی و ڕێکاری.

٢- توێژینەوەی الموسوی٢٠١١(٦) (کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە جیاوازی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی میتۆدی توێژینەوە لە توێژینەوە پەروەردەییەکان.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانین و دیاریکردنی ئەو پێوەرە زانستییانەن بۆ هەڵسەنگاندنی توێژینەوە پەروەردەییەکان و بە دیاریکراویش پێوەرەکانی ڕەگەزی کێشەی توێژینەوە و ئامانج و توێژینەوەکانی پێشو و دەرئەنجام.

جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە جۆری وەسفی شیکارییە.

کۆمەڵ سامپڵی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بەکارهێنراوە.

دەرئەنجامی توێژینەوەکە: دروستکردنی پێوەرێکی ٢٥ بڕگەیی بۆ هەڵسەنگاندنی لەسەر پلەی شیاوی ئەو توێژینەوانەی پێشکەشکراون بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤارە ئەکادیمییەکاندا، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی کوالێتی توێژینەوە پەروەردەییەکان، بۆیە ٥ پێوەر بۆ هەر یەک لە (کێشەی توێژینەوە، ئامانج، توێژینەوەکانی پێشو، ڕێکارەکانی توێژینەوە. دەرئەنجام، ڕاسپاردەکان) دیاریکرا لەم توێژینەوەیەدا.

خاڵی هاوبەش و جیاوازی ئەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی پێشو:

١-خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (الدوغجي) بریتییە لەوەی هەردو توێژینەوەکە لە جۆری وەسفین و فۆرمی شیکاریان بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی نامەی ماستەر و دکتۆراکان لە بواری ڕاگەیاندا و لەهەمان کاتدا هەردو توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنیان کردوە، خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەی (الدوغجي) بریتییە لە جیاوازی هەڵسەنگاندنەکەیان، ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی کردوە بۆ تێزی دکتۆرای بەدەست هاتو لە زانکۆی سەلاحەدین لە کاتێکدا توێژینەوەکەی الدوغجي لە دیدی هەڵسەنگێنەرانەوە هەڵسەنگاندنی کردوە، نەک هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوەکان بکات، لەڕوی سامپڵەوە کار بە شێوازی کۆگیری کراوە لە هەردو توێژینەوەکەدا بەتایبەتی لە و بەشەی کە پەیوەست بوە بە هەڵسەنگاندنەکانەوە، بەڵام خاڵی جیاوازیان لە بەشە شیکارییەکەدا دەردەکەوێت بە جۆرێک لە توێژینەوەکەی (الدوغجي)دا سامپڵی هەڕەمەکی چینایەتی وەرگیراوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا سامپڵی توێژینەوەکە هەموی وەرگیراوە، واتە کار بە شێوازی کۆگیریی کراوە.

٢- خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی(الموسوی) بریتییە لەوەی هەردو توێژینەوەکە لە جۆری وەسفین، خاڵی جیاوازیان بریتییە لە بواری پسپۆڕییەکانیان ئەم توێژینەوەیە لە پسپۆڕی ڕاگەیاندایە، توێژینەوەکەی (الموسوی)لە پسپۆڕی پەروەردەیە، لەڕوی بەشە پراکتیکیەکەیانەوە هەردو توێژینەوەکە کاریان لەسەر دروستکردنی پێوەر کردوە بۆ هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان، خاڵی جیاوازیان بریتییە لە سامپڵەکانیان بەجۆرێک ئەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی کردوە بۆ تێزی دکتۆراکانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین لە کاتێکدا توێژینەوەکەی (الموسوی) هەڵسەنگاندنی کردوە لەسەر پلەی شیاوی ئەو توێژینەوانەی پێشکەشکراون بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤارە ئەکادیمییەکاندا، لەدیاریکردنی سامپڵدا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکەی (الموسوی)، ئەم توێژینەوەیە بەشێوازی کۆگیری هەمو سامپڵەکەی وەرگرتوە، لە کاتێکدا توێژینەوەکەی (الموسوی) لەم توێژینەوەیەدا سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بەکارهێنراوە.

**بەشی دوەم: لایەنی تیۆری:**

چەمکی هەڵسەنگاندن: ئامانجی هەڵسەنگاندن بریتییە لە باشترکردنی ئەو ئامانج و ئامراز و پرۆگرامانەی بەکاردەهێنرێن بۆ دڵنیابون لە بەهای توێژینەوە و ڕادەی توانای پشت بەستن بە ئەنجامەکانی و ڕادەی پابەندبونی توێژەر بە بنەما و پێوەرە زانستییەکان کە خۆیان دەبیننەوە لە وردی و ئەمانەت و بابەتیەتی لە سەرجەم قۆناغەکانی توێژینەوەکەی. (حجاب،٢٠٠٠: ١٠٧) هەڵسەنگاندن پرۆسەی بڕیاردانە لەسەر شتێک یان کەسێک لە ڕۆشنایی پلەی پێوانەکردنی ئامانجە دیاریکراوەکان و لە ڕۆشنایی زانیارییەکانی تر کە لە ڕێگەی سەرچاوە جیاوازەکانەوە بەدەستدەخرێن (أبو زينة، ٢٠٠٣: ٩٦)

فەرهەنگی معجم پێیوایە بریتییە لە پرۆسەی ڕێکخستنی کۆکردنەوەی زانیاری و داتای پەیوەندار بەو دیاردەیەی کە لێیدەکۆڵدرێتەوە و شیکاری بۆ دەکرێت بۆ دڵنیابون لە پلەی گەیشتن بە ئامانجەکان و بڕیاردان لەپێناو ڕاستکردنەوە و پێکانی ئامانجەکە لە ڕۆشنایی ئەو بڕیارانەی دەردەکرێن  عثمان ، ٢٠١٤: ١٥-١٨)

هەروەها هەنگاوێکی سروشتییە لە ڕێگەیەوە توێژەر لە دوای کۆتاییهاتنی نامەکەی پێیدەگات یان لە دوای کۆتاییهاتنی هەمو بەشێک لە بەشەکانی توێژینەوەکەی کەمێک دەوەستێت بۆ پێداچونەوە و تاقیکردنەوەی کارەکەی بە مەبەستی باشترکردنی و گەشتن بە بەرزترین ئاستی بێ کەم و کوڕی.. (حجاب، ٢٠٠٣ : ١٠٧).

بڕیاردان لەسەر بەهای شتێک و هەڵسەنگاندنی بۆ بەهێزکردنی، هەروەها پرۆسەی بڕیاردان لەسەر بەهای شتەکان یان بابەتەکان یان هەڵوێستەکان و کەسەکان، بە پشت بەستن بەپێوەری دیاریکراو، و ڕێگا و پێوەر گەلێک بەکاردەهێنێت بۆ بڕیاردان لەسەر فێربونی فێربوەکان یان دانانی پلەکانی و ڕاپۆرتەکان، هەروەها بەشێکە لە پرۆسەی فێربون و بنەمایەکی سەرەکییە لە بنەماکانی فێربون، هەروەها بەشێکی گرنگە بۆ نەخشەی بڕیاردەری خوێندن. (الشامخ،٢٠١٨: ١٦)

بەمەش هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بۆ پێدانی بەها یان مەحەکێکی ڕاستگۆیانە دەربارەی کوالیتی شتێک بە پشت بەستن بەو مەحەکانەی کە ڕادەی بەدیهاتنی ئەو ئامانجانە دیاریدەکات، کە پلانیان بۆ دارێژرابو، و ئەو ئاستەی کە چالاکیەکە پێیگەیشتوە، بەدەر لە دڵنیابون لە ڕادەی گونجاوی دەرئەنجامەکان لەگەڵ ئامانجەکانی چالاکیەکە و بڕیاردان لە پێناو چاکسازی و دڵنیابون (العبسی،٢٠١٠: ١٧)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

**بنەماکانی هەڵسەنگاندن:** لە پێناو ئەوەی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مەبەستەکانی بهێنێتەدی پێویستە ڕەچاوی ئەم بنەما و ڕێسایانەی تێدابکرێت (حجاب ،٢٠٠٣ : ١٠٨)

- هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی هاریکاریە هەریەک لە سەرپەرشتیاران و توێژەران بەشداری تێدا دەکەن بۆ دڵنیابون لە بەهای توێژینەوەکە و دەستنیشانکردنی هەڵە مەنهەجی و زانستییەکان.
- هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بەردەوامە و هەنگاوی کۆتایی نییە کاتێک توێژەر لە نوسینی نامەکە تەواو دەبێت، بەڵکو هەر لەوساتەوە دەستپێدەکات کە نەخشە پلانەکەی بۆ دادەنرێت. بۆیە پێویستە پلانەکە توانای هەڵسەنگاندن لەخۆبگرێت لە سەرجەم قۆناغەکان هەنگاو بە هەنگاو.
- هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بابەتیانەیە: ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن و پێوەرەکانی دەبێت ڕاستگۆ بن بەشێوەیەک پێوانەی ئەوەی بکات کە بۆی دیاریکراوە و جێگیر و نەگۆڕبن و ئەنجامەکانیان گۆڕانیان بەسەردا نەیەت بەگۆڕینی پێوانەکە و دەبێت ڕاستگۆ بێت، چونکە ڕاستگۆیی هەڵسەنگاندن هاوکارە بۆ ڕاستگۆیی دەستنیشانکردن پاشان ئەگەر ڕاڤەی ورد و چاکسازی هەڵسەنگاندن.
- هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی گشتگیرە: توێژینەوە لەخۆدەگرێت، هەروەها توێژەر بە خەسڵەتە زانستیەکانی و ڕادەی پابەندبونی بە بنەماکانی توێژینەوەکە و ڕادەی ئەمانەت پارێزی و بابەتی لە پەیڕەوکردنی مەنهەجی زانستی و پانتایی ڕوانینی و ڕادەی ڕەسەنایەتی گرفتەکەی و گرنگی گرفتەکەی بۆ کۆمەڵگا هەروەها ڕادەی بەدواداچونی مەنهەجی و بەهای ئەنجامەکانی و شیکاریەکانی. و چارەسەر و پێشنیارەکانی.

**هەڵسەنگاندن لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن:**

هەڵسەنگاندن گرنگیەکی زۆری هەیە لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن بۆ پشتبەستنی ئەو توێژینەوانە بەو ئامرازانەی کە هەڵسەنگاندن بەکاریاندەهێنێت، کە هەمیشە بەتێبینیکردنی چالاکیەکە و سروشتی چالاکیەکە دەستپێدەکات تا دەگاتە پرۆسەکانی پێوانەکردن و خەمڵاندن و شیکاری و هەڵبەستن و ڕاڤەکردن و بڕیاردان بۆ بەرزکردنەوە و پێشخستن یان پابەندبون و ئاڕاستەکردن یان ڕاستکردنەوە و چاککردن، (أبو علام، ٢٠٠٦ :٣٥٢) ئەم قۆناغانە خولێکی تەواون بۆ هەڵسەنگاندن لە توێژینەوەکان کە بەشدار دەبن لە (عبدالقادر ، ٢٠٠٥: ١٢٤):

١- پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی جێبەجێکردن بۆ توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن لەڕوی چەندیەتی ئامرازەکان و تۆکمەکردن و شیکاریکردنی لایەنەکانی بەهێزی و لاوازی و دۆزینەوەی جێگرەوەکان بەپێی سیاسەت و پرۆگرامە جێگرەوەکان.

٢- دەستەبەرکردنی فیدباک: بە بەراوردکردنی کاری ئەنجامدراو بە شێوازە زانستییەکان، کە ئەمەش هاوکارە لە دیاریکردنی کەلێنەکان و چاککردنی ئاستی ئەدا بەدیاریکردنی ئامرازەکانی پرۆسەکانی جێبەجێکردن و ڕێگاکانی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

٣- بەدیهێنانی پرۆسەکانی کارامەیی و کوالێتی و بەرەوپێش بردن: بە ئامانجی گەشەپێدان و گەیشتن بە ئەدایەکی ڕاست و دروست، و ڕاستکردنەوەی بوارەکانی ئەدای لاواز لەو توێژینەوانە.

٤- دەستنیشانکردن و دارشتنی بڕیارەکان: بەپێوانەکردنی جیاوازی بەدیکراو لە نێوان ئەنجامەکان و ئامانجەکان، چونکە هەڵسەنگاندن ئاوێنەیە بۆ ئامانج و ئامراز و ئەنجامی چالاکیەکە بە شێوازێکی پێوانەیی.

**ئامانجەکانی هەڵسەنگاندنی مەنهەجی لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن:** هەڵسەنگاندن هەڵگری دو ئامانجی سەرەکیە کە خۆیان دەبیننەوە لە دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن، ئەویش بە چارەسەرکردنی ئەو شوێنانەی کە ناتەواویان تێدا ڕودەدات بە دەرکردنی بڕیارگەلێک سەبارەتیان، و جەختکردنەوە لە شوێنەکانی هێز لە ڕێگەی دڵنیابونەوە لێیان لە ڕۆشنایی ئەو مەحەکانەی کە بونیان هەیە و هەڵسەنگاندن و بنکەیەکی کار بەکاریاندەهێنێت، ئەو دو ئامانجەی ناوبران بەم شێوەیە وەسف دەکرێن:

١- **ئامانجی دەستنیشانکردن:** بریتییە لە پێداچونەوە بە ئەدای گشتی و پێشکەشکردنی بنکەیەکی زانیاری دەربارەی ئاراستەی توێژینەوەکان و جۆرەکانیان بۆ ئەوەی ببنە بنەمایەک بۆ بڕیاردان لەسەر چالاکیەکانی،وە دەستنیشانکردنی شوێنەکانی ناتەواوی و هێز لە ڕێگەی پرۆسەکانی پێوانەکردن بۆ ئاشنابون بە چالاکیەکە و کاریگەرییە لاوەکییە ڕاستەوخۆکان و ناڕاستەوخۆکان، و خەملاندنی دەستهاتەکان، و ئاشکراکردنی ڕادەی کارامەییان و گونجاویان لەگەڵ ئەو ئامانجانەی داڕێژراون و بەشداریکردن لە خەملاندنی مەعریفی کۆمەڵەی توێژینەوە و بڕی بەدیهاتوی سەروبەری پێوانەیی لە ڕێگەی بەردەستبونی زانیارییەکان دەربارەی ئەدا و ڕێگاکانی کارکردن.

٢- **ئامانجی چارەسەرکردن:** بریتییە لە پرۆسەکانی ئاڕاستەکردن و ڕێنمونیکردن و پلاندانان و دۆزینەوەی بەها لە پێناو گۆڕانکاری و چارەسەرکردنی گرفتەکان و کۆنترۆڵکردنی شوێنەکانی ناتەواوی و هەڵسەنگاندنی لادان ئەگەر هات و بونیان هەبو و ڕێنمونیکردنی بڕیارەکانی پێشو لە ڕوی کاراییەوە،وە دروستکردنی پرۆگرام بەپێی پێوەر و ئاماژەکانی بەراوردکردنی سیستەمی کوالێتی.

**پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی کوالێتی زانستی:** کوالێتی لایەنێکی فیکری نییە یان بۆ بۆ ئەوە نەهاتوە تا باری سەرشانی توێژەر قورس بکات، بەهێندەی ئەوەی کە پێویستییەکە لەکاتی پەیڕەوکردن زیاتر لەوەی شتێکی تیۆری بێت بۆ دابەشکردنی کاروبارەکانی توێژینەوە و کارئاسانی بکات بۆ توێژەر لە بابەتەکەی و چونە ناو بابەتەکەی بە شێوەیەکی مەنهەجی کە گەرەنتی ئەوە بکات ڕیزبەندی توێژینەوەی لەدەست نەدات بە نزیکترین ڕێگا (عثمان ، ٢٠١٤: ١٤).

کوالێتی هەڵدەستێت بە دیاریکردنی پێوەرە پێوانەییە ڕێکخراوە مەنهەجییەکان کە بریتین لە ئامرازەکانی پێوانەکردنی کوالێتی ناوەڕۆک و وەسفکردنی گرنگی ئەم کوالێتیە لە سەلامەتی ئامانجەکانی دەردەکەوێت لە باشتر کردنی ئامانجەکانی توێژینەوەی زانستی کە گرنگی دەدات بە گونجاندنی پێشهاتە نوێکانی توێژینەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

لە بواری پسپۆری خوێندکارە توێژەرەکە، (طربلسة، ٢٠١١ : ١٣) کوالێتی ئەمانە دەگرێتەوە: (Willison,2009: 88 :

أ-**پێوەری ڕەسەنایەتی و داهێنان:** پێوەرێکە جەخت لە دورکەوتنەوە دەکات لە شێواز و پەنابردنە بەر نوێگەری و پێشکەشکردن و گفتوگۆ، بەو مەعریفەیە دەپێورێت کە تیۆریانە و پراکتیکیانە دەخرێنە سەری، هەروەها نیشانەیەکی دیارە لە نیشانەکانی توێژینەوە لەکاتی ڕونکردنەوەی هەوڵەکانی پێشو دەردەکەوێت کە ڕێگەدەگرێت لە لەیەکچویی بابەتەکان و دوبارەبونەوەیان (الكبيسي،٢٠٠٩: ٢٣٩).

ب- **پێوەری تەندروستی و سەلامەتی:** بریتییە لە نەبونی هەڵە لە چالاکیەکە چ زمانەوانی بێت یان هێمایی بێت وەکو جیاوازی و نەگونجاوییەکان، بایەخ دەدات بە پەیڕەوکردنی ڕێساکانی زانست و مەبەستەکانی لە داڕشتن و هەڵبژاردن و تاقیکردنەوە، دیاریکردنی جۆر و شێواز و تیۆر و یاسا دەسەپێنێت بەسەر توێژەرلە دۆزینەوە پەیوەندیە بێ کەموکوڕییەکان لە نێوان ئەوەی هەڵیدەبژێرێت و ئەوەی مەبەستیەتی، ئەمەش توێژەر ناچاردەکات پابەند بێت بە بێلایەنی و ڕوتاندن کە پێویستە مامەڵە لەگەڵ ناسراوەکان بکات بەپێی یاسا و بە پشت بەستن بە تیۆرە زانستییەکان بە پەیڕەوکردنی ڕێسا مەنهەجی و بابەتیەکان کە کۆنترۆڵی سروشتی توێژینەوەکە و بوارەکەی دەکەن.

ج- **پێوەری داڕشتن:** جۆری داڕشتنەکە و شێوازەکەی و گونجاویەکەی دەپێوێت، ئەمەش لە واتاکەی کۆکە لەگەڵ هەردو پێوەری گونجاوی و کفاية و واقیعی.

د- **پێوەری تەواکاری:** ئەم بە پێوەرێکی لۆجیکی و مەنهەجی دادەنرێت خۆی دەبینێتەوە لە بەدیهێنانی بنەماکانی کارامەیی و گونجاوی و وردی و نەرمی نوێن و بە ئاگابونە گشتگیرەکان، ئەم بنەمایانەش یەکەیەکی یەکگرتون لە ئامرازەکانی تەرازوبەندی و هاوئاهەنگی، تایبەتە بە ڕادەی بونی گونجاوی و هاوئاهەنگی و پەستەری بنەماکانی چالاکیەکە، ئەم پێوەرانە نزیکە هاوبەش ببن لەگەڵ پێوەرە لۆجیکییەکان، باوەڕی بە بنەمای تەواوکاری هەیە نەک جیاکاری، گرنگی دەدات بە ڕادەی گونجاوی مەنهەجی و لۆجیک و ئامانجی توێژینەوە لەگەڵ پرۆسەکانی هەڵسەنگاندن و ڕاهێنانە جێبەجێکارییەکانی، ئەمەش کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەی بەدیهێنانی پێوەری گونجاوی دەبات، چونکە ڕادەی گونجاوی دەستەواژە پێشوەکان و داهاتوەکانی چالاکیەکە بەڕێوەدەبات لەڕوی جۆر و داڕشتنی شێواز، و چارەسەرکردنی ناوجەرگەی پێوەرەکە و تۆکمەیەکەی لەڕوی یاساییەوە بە پشت بەستن بە بنەمای یەکگرتویی لە پێناو کارامەیی و گونجاوی (أبو علام، ٢٠٠٦ :٣٥٨)

هـ- **پێوەری مێژویی:** لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی چوارچێوەی مێژوییە بە سەیرکردنی زانست وەک بەردەوامێکی بێکۆتایی وەک ئاماژەدان بە ڕۆڵی مێژویی یان قۆناغەکانی لەناوچون و گەشەکردن، هەروەها بەسودە بۆ ئاماژەدان بە پاساوەکانی هەڵبژاردن و پەسەندکردن و خستنەڕوی ڕونکردنەوەکان لەسەر بنەمای پێوەری کەڵەکەکردنی مێژو و گەشەپێدانی چالاکیەکە (الكبيسي ،٢٠٠٩:٢٤٢)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

دووەم: پێوانەكانی پەیوەست بە توێژینەوە: ستانداردی كوالیتی لە بەردەستی توێژینەوە، بە ژمارەیەك شت دیاری دەكرێت، لەوانە (عثمان ، ٢٠١٤: ١٥-١٨) :

أ- هەڵبژاردنی ناونیشانێكی دیاریكراوی ڕون لەڕوی بەڵگە و كاتەوە هەڵگری گرفتێك بێت و هێمایەك نەبێت بۆ نەرێنی یان خۆبەدەستەوەدانێكی ڕەها، و تەمومژی و زمانی بیانی نەی پۆشێت.

ب- ڕونی ئەو گرفتە پاڵنەرەی وایكردوە توێژینەوە بكرێت لەو بابەتە و هاندانی داهێنانی خوێندكار لە توێژینەوەی زانستی و دیاریكردنی خاڵە باشەكانی توێژینەوەكە لەگەڵ ڕونی ئەو دەرئەنجامانەی كە پێویستە تەواوی توێژینەوەكە بگرێتەوە و دەبێت لەبیر و هۆشی خوێندكارەكە ون نەبن، لە بابەت دەربچێت یان نوقم ببێت لە لەباس لادان، واتە دەبێت سەرجەم ناونیشانە گشتی و لقی و ناوەندییەكان لە خزمەتی گرفتەكەدا بن یان وەڵامی بدەنەوە و ڕونی بكەنەوە وەڵامی پرسیارەكانی بدەنەوە.

ت- ڕاستی و دەست تێوەردانی هاندەر: مەبەست لەوەیە توێژەر بابەتیكی نوێ هەڵببژێرێت.

پ- كاری تیمی تەواوكاری: واتە هاوئاهەنگی لە نێو تیمێكی كاردا ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ یەك یان چەند سەرپەرشتیارێك، لەسەر دابەشكردنی كۆمەڵێك بابەت بۆ خوێندكارانی خوێندنی باڵا بە بابەتی هاوشێوەوە، كە هەندێكیان پێویستیان بە ئەویترە لە چوارچێوەیەكی سیستماتیكدا لەژێر سەرپەرشتی پرۆفیسۆرێك یان كۆمەڵێك لە پرۆفیسۆر و لە یەك بواردا، كە چەند لایەك بگرێتەوە.

**بەشی سێەم:لایەنی پراكتیكی:**

١-ناونیشانی تێزەكان: سەبارەت بە ناونیشانی دكتۆراكانی بەشی ڕاگەیاندنی زانكۆی سەلاحەدین كە هەڵسەنگاندنیان بۆ كراوە، دەركەوتوە لە دیاریكردن و دارشتنی ناونیشانەكاندا پێوەری هەڵسەنگاندنی باش لە پێشەوەی پێوەرەكانی تردا بوە و تێكڕای ناوەندی شیاوی ناونیشانەكان (٢.٣٧) كە ئەمە پلەیەكە لە ئاستی باڵادایە وەك لە خشتەی (١)دا خراوەتەڕو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

خشتەی (١) ناونیشانی تێزەکان

| تەوەر | برگە | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | باش | تارادەیەک باش | لاواز | کۆ | ناوەندی شیاو | وزن مئویی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناونیشانی نامەکان | دیاریکردن و دارشتنی ناونیشانی نامەکان | وردی | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | ٢.١٦ | ٧٢ | ناوەند |
| | | رونی | ٢ | ٤ | ٠ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | باڵا |
| | | ئاسانی | ١ | ٤ | ١ | ٦ | ٢ | ٦٦.٦٦ | ناوەند |
| | | گشتگیری | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٣ | ١٠٠ | باڵا |
| | | سەرنج ڕاکێشی | ٤ | ٢ | ٠ | ٦ | ٢.٦٦ | ٨٦.٦٦ | باڵا |
| | | ڕەسەنایەتی | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | ٢.١٦ | ٧٢ | ناوەند |
| | | پوختی | ٢ | ٤ | – | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | باڵا |
| تێکرا ی ناوەندی شیاو و پلە | | | | | | | ٢.٣٧ | | باڵا |

٢-زمانی نوسینی ڕاپۆرتی تێزەکان: سەبارەت بە زمانی نوسینی ڕاپۆرتی تێزی دکتۆراکان، (زمانی ئەکادیمی بۆ نوسینی ڕاپۆرتی تێزەکان) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی زۆر باشدا بون بە تێکرای ناوەندی شیاوی (٢.٤٦) کە پلەکەی لە ئاستی باڵادایە، وەک لە خشتەی (٢)دا خراوەتەڕو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

خشتەی (٢)

زمانی نوسینی ڕاپۆرتی تێزەکان

| تەوەر | برگە | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | باش | تاڕادەیەک باش | لاواز | کۆ | ناوەندی شیاو | وزن مئویی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زمانی نوسینی ڕاپۆرتی تێزەکان | زمانی ئەکادیمی بەکارهێنراو بۆ نوسینی ڕاپۆرتی تێزەکان | ئاستی ئاخاوتن و دارشتنی زمانەوانی | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | ٢.١٦ | ٧٢ | ناوەند |
| | | ڕەوانبێژی | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | | ڕونی | ٣ | ٣ | ٠ | ٦ | ٢.٥٣ | ٨٣.٣٣ | باڵا |
| | | ئاسانی | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥٣ | ٨٣.٣٣ | باڵا |
| | | باسکردن بەکاتی ڕابردو | ٤ | ٢ | ٠ | ٦ | ٢.٦٦ | ٨٨.٦٦ | باڵا |
| | | پاراوی | ٤ | ٢ | ٠ | ٦ | ٢.٦٦ | ٨٨.٦٦ | باڵا |
| | تێکڕای ناوەندی شیاو و پلە | | | | | | ٢.٤٦ | | باڵا |
| | زمانی بەکارهێنراو بۆ نوسینی تێزەکان | کوردی | ٣ | ١ | ٠ | ٤ | ٢.٧٥ | ٩١.٦٦ | باڵا |
| | | عەرەبی | ١ | ١ | ٠ | ٢ | ٢.٥٣ | ٨٣.٣٣ | باڵا |
| | | ئینگلیزی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | |
| | تێکڕا ی ناوەندی شیاو و پلە | | | | | | ٢.٦٢ | | باڵا |

٣- پیشەکی توێژینەوەکان: لە پێشەکی توێژینەوەکاندا پێوەری هەڵسەنگاندنی (باش) لە پلەی یەکەمدا بوە، بەجۆرێک تێکرای ناوەندی شیاویان (٢.٣٥) بە پلەی باڵا، لە تەوەرەکانی هەڵسەنگاندندا تەوەرەکانی (گشتگیری نمایشکردنی گشتی بۆ بابەتی توێژینەوەکە، پێسکەشکردنی دەروازەیەک دەربارەی گرنگی توێژینەوەکە) زۆرترین ناوەندی شیاویان هەبوە، تەوەرەکانی تریش نزیکبون لە یەکدیەوە ئەوەش خاڵێکی ئەرێنیە بۆ تێزەکان و دەرخەری باشی و شیاویانە چونکە پێشەکی هەر توێژینەوەیەک وەک دەروازەیەکە بۆ نیشاندانی تەواوی توێژینەوەکە و لە ڕێگەیەوە شارەزای توێژینەوەکە دەبیت وەک لە خشتەی (٣)دا خراواتە بەر دیدە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

خشتەی(٣)

شێوازی نمایشکردنی پێشەکی توێژینەوەکان

| تەوەر | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | باش | تاڕادەیەک باش | لاواز | کۆ | ناوەندی شیاو | وزن مئویی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شێوازی نمایشکردنی پێشەکی توێژینەوەکان | قەبارە | ٢ | ١ | ٣ | ٦ | ٢ | ٦٦.٦٦ | ناوەند |
| | گشتگری | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٦٦ | ٨٨.٦٦ | باڵا |
| | نمایشکردنی گشتی بۆ بابەتی توێژینەوەکە | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٦٦ | ٨٨.٦٦ | باڵا |
| | ڕونکردنەوەی هۆیەکانی هەڵبژەردنی توێژینەوەکە | ٢ | ٢ | ٢ | ٦ | ٢ | ٦٦.٦٦ | ناوەند |
| | پێسکەشکردنی دەروازەیەک دەربارەی گرنگی توێژینەوەکە | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٦٦ | ٨٨.٦٦ | باڵا |
| | پەیوەست بون بە توێژینەوەکانی پێشو ڕاسپاردەکانی | ٢ | ٢ | ٢ | ٦ | ٢ | ٦٦.٦٦ | ناوەند |
| | ڕونکردنەوەی گرنگی ئەنجامە پێشبینیکراوەکانی توێژینەوەکە | ٣ | ٣ | ٠ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | ناوەند |
| | تێکرا ی ناوەندی شیاو و پلە | | | | | ٢.٣٥ | | باڵا |

٤- کێشەی توێژینەوەکان: لە دیاریکردنی کێشەی تێزەکاندا لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندندا پێوەری (باش) بەرزترین بوە لەچاو پێوەرەکانی تردا و نزیکیەک هەیە لە تەوەرەکانی هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی کێشەی تێزەکاندا بە تێکڕای ناوەندی شیاوی (٢.٤٥) و پلەی باڵا، ئەوەش ئاستێکی زۆر باشە و خاڵێکی ئەرێنیە بۆ تێزەکان، چونکە سەرکەوتنی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بەندە بە دیاریکرن و هەست کردن بە کێشەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کە زۆر گرنگە لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا بە باشی دیارییبکرێت تیایدا ئاماژە بە هەر یەک لە تەوەرەکانی هەڵسەنگاندن بکرێت و ئاماژە بەو هۆکارانە بدرێت، کە بۆچی ئەو توێژینەوەیە ئەنجام دەدرێت، وەک لە خشتەی (٤) دا دەردەکەوێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

خشتەی (٤)

دیاریکردن و داڕشتنی کێشەی توێژینەوەکە

| تەوەر | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | باش | تاڕادەیەک باش | لاواز | کۆ | ناوەندی شیاو | وزن مئويى | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیاریکردن و داڕشتنی کێشەی توێژینەوەکە | شێوازی داڕشتنی کێشەکە بە شێوەی لۆجیکی لە گشتەوە بۆ بەش | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | ڕونکردنەوەی گرنگی کێشەکە و پاساوەکانی هەڵبژاردن | ٢ | ١ | ٣ | ٦ | ٢ | ٦٦.٦٦ | ناوەند |
| | وردی | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | ڕونی | ٢ | ٤ | ٠ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | گشتگیری | ٥ | ١ | ٠ | ٦ | ٢.٨٣ | ٩٤.٣٣ | باڵا |
| | ڕەسەنایەتی و نوێگەری | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | ڕاڤەکردنی کێشەکە | ٢ | ٤ | ٠ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | گونجاوی و پەیوەست بون | ٢ | ٤ | ٠ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | ڕونکردنەوەی گرنگی گۆڕاوی وابەستە | ٥ | ١ | ٠ | ٦ | ٢.٨٣ | ٩٤.٣٣ | باڵا |
| | دیاریکردنی کێشەکە | ٥ | ١ | ٠ | ٦ | ٢.٨٣ | ٩٤.٣٣ | باڵا |
| | گەڵاڵەکردنی کێشەکە بە شێوەی پرسیاری گونجاو | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | ناوەند |
| | تێکڕا ی ناوەندی شیاو و پلە | | | | | ٢.٤٥ | | باڵا |

٥- ئامانجی توێژینەوەکان: سەبارەت بە ئامانجی تێزی دکتۆراکان ئەوە دەرکەوتوە کە لە تێزەکان دا پێوەری هەڵسەنگاندنی تاڕادەیەک باش بوە، لە ناو تەوەرەکانی هەڵسەنگاندندا زۆرترین بون بە ناوەندی شیاوی(٢.١٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

خشتەی(٥)

دیاریکردن و داڕشتنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە

| تەوەر | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | باش | تارادەیەک باش | لاواز | کۆ | ناوەندی شیاو | وزن مئویی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیاریکردن و داڕشتنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە | شێوازی داڕشتن و ڕێکخستنی ئامانجەکان | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | وردی | ١ | ٤ | ١ | ٦ | ٢ | ٦٦.٦٦ | ناوەند |
| | ڕونی | ٣ | ١ | ٢ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | گشتگیری | ٢ | ٢ | ٢ | ٦ | ٢ | ٦٦.٦٦ | ناوەند |
| | پوختی | ١ | ٤ | ١ | ٦ | ٢ | ٦٦.٦٦ | ناوەند |
| | توانای پێوانەو جێبەجێکردن | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | ٢.١٦ | ٧٢ | ناوەند |
| | پەیوەست بون بەئامانجەکانی توێژینەوەکانی پێشو | ٢ | ٢ | ٢ | ٦ | ٢ | ٦٦.٦٦ | ناوەند |
| | پەیڕەوکردنی ڕوانگەی ڕەخنەی توێژەر | ١ | ٥ | ١ | ٦ | ٢.١٦ | ٧٢ | ناوەند |
| | تێکڕا ی ناوەندی شیاو و پلە | | | | | ٢.١٢ | | ناوەند |

٦- **میتۆدی توێژینەوەکان:** لە هەڵسەنگاندنی تێزی دکتۆراکان دەرکەوتوە کە تێزەکان بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتوبون لە دیاریکردنی جۆر و میتۆدی توێژینەوەکان بە ناوەندی شیاوی (٢.٣٨) کە ئاستێکی بەرزە ولە پلەی (باڵا) دایە ئەوەش دەرخەری شارەزایی و ئەزمونی توێژەرەکانە و بە خاڵێکی ئەرێنی بۆ توێژینەوەکان ئەژمار دەکرێت و پەیوەستە بە باش دیاریکردنی ناونیشانی تێزەکان و دیاریکراوی و ڕونیان وەک لە خشتەی (٦)دەدا دەردەکەوێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

خشتەی (٦)

دیاریکردنی جۆر و میتۆدی توێژینەوەکان

| تەوەر | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | باش | تاڕادەیەک باش | لاواز | کۆ | ناوەندی شیاو | وزن مئویی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیاریکردنی جۆر و میتۆدی توێژینەوەکان | دیاریکردنی جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | ناوەند |
| | پێناسەی میتۆد | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | ٢.١٦ | ٧٢ | ناوەند |
| | ڕونکردنەوەی هۆی هەڵبژاردن | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | ناوەند |
| | تێکرا ی ناوەندی شیاو و پلە | | | | | ٢.٣٨ | | باڵا |

٧- کۆمەڵی توێژینەوەکان: لە دیاریکردنی کۆمەڵی توێژینەوەکاندا لە تێزی دکتۆراکان دەرکەوتوە، تێزەکان بە شێوەیەکی زۆر باش توانیویانە کۆمەڵی توێژینەوەکانیان دیاری بکەن لە تەوەرەکانی هەڵسەنگاندندا وەک یەکن، بە ناوەندی شیاوی (٢.٣٨) و پلەی( باڵا) کە ڕێژەیەکی بەرزەو دەرخەری شارەزایی توێژەرانە خاڵێکی ئەرێنیە بۆ توێژینەوەکان وەک لە خشتەی (٧) خراوەتەڕو.

خشتەی (٧)

دیاریکردنی کۆمەڵی توێژینەوەکان

| تەوەر | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | باش | تاڕادەیەک باش | لاواز | کۆ | ناوەندی شیاو | وزن مئویی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکان | وردی دیاریکردن و وەسفکردن | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٦٦ | ٨٨.٦٦ | باڵا |
| | پەیوەست بون | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | ناوەند |
| | شێوازی خستنە ڕو | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | ناوەند |
| | تێکڕای ناوەندی شیاو و پلە | | | | | ٢.٥٥ | | باڵا |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

٨- نمونەی توێژینەوەکان: لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی نمونەی تێزی دکتۆراکان دەرکەوتوە کە تێزەکان بەشێوەیەکی باش توانیویانە نمونەی توێژەنەوەکانیان هەڵبژێرن و دیاریبکەن بە تێکڕای ناوەندی شیاوی (٢.٤٩) و پلەی باڵا، و لە ناو تەوەرەکانن هەڵسەنگانیشدا هەردو تەوەری (ڕونکردنەوەی هۆی هەڵبژاردن) و (شێوازی وەسفکردن) و (وردی کۆنترۆڵکردن) ناوەندی شیاویان کەمە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک لە دیارترینیان نەبونی ئاماری ڕاست و دروست سەبارەت بە هەندێ لە نمونەی توێژینەوەکان کە پەیوەستن بە وەرگر، میدیاکار یاخود پێنەدانی ئەرشیفی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان بە توێژەران لەلایەن هەندێ لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوە لەو توێژینەوانەی پەیوەستن بە پەیام و ناوەڕۆکی دەزگا ڕاگەیاندنەکان وەک لە خشتەی (٨) خراوەتەڕو.

خشتەی(٨) نمونەی توێژینەوەکان.

| تەوەر | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | باش | تارادەیەک باش | لاواز | کۆ | ناوەندی شیاو | وزن مئویی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیاریکردن و هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکان | شیاوی شێواز | ٥ | ١ | ٠ | ٦ | ٢.٨٣ | ٩٤.٣٣ | باڵا |
| | ڕوونکردنەوەی هۆی هەڵبژاردن | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | گونجاوی قەبارەی نمونەکە | ٥ | ١ | ٠ | ٦ | ٢.٨٣ | ٩٤.٣٣ | باڵا |
| | شێوازی واسفکردن | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | ناوەند |
| | ڕادەی نوێنەرایاتی نمونەکە | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | ووردی کۆنترۆڵکردن | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | ٢.١٦ | ٧٢ | ناوەند |
| | تێکرا ی ناوەندی شیاو و پلە | | | | | ٢.٤٩ | | باڵا |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

خشتەی (٩)

دیاریکردنی سنوری توێژینەوەکان.

| تەوەر | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | باش | تاڕادەیەک باش | لاواز | کۆ | ناوەندی شیاو | وزن مئویی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیاریکردنی سنوری توێژینەوەکان | وردی | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | ٢.١٦ | ٧٢ | ناوەند |
| | گشتگیری | ٣ | ٢ | ١ | ٦ | ٢.٦٦ | ٨٨.٦٦ | باڵا |
| | دیاریکردنی پاساوەکان | ٤ | ٠ | ٢ | ٦ | ٢.٣٣ | ٧٧.٦٦ | ناوەند |
| | پەیوەست بون بە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | ناوەند |
| | تێکڕا ی ناوەندی شیاو و پلە | | | | | ٢.٤١ | | باڵا |

١٠- ئامرازەکانی توێژینەوە:

لە دیاریکردن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی توێژینەوەکاندا دەرکەوتوە کە تێزەکان لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندندا پێوەری (باش) لە پێش پێوەرەکانی ترەوە بوە واتە بە شێوەیەکی گشتی تەوەرەکانی هەڵسەنگاندن نزیکبون لە یەکەوە بە ناوەندی شیاوی (٢.٣٨) و پلەی باڵا کە ئەوەش ڕێژەیەکی باشە و خاڵێکی ئەرێنی تێزەکانەو و دەرخەری شیاوی و باشیانە وەک لە خشتەی (١٠) خراوەتەڕو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

خشتەی (١٠)

دیاریکردن وبەکارهێنانی ئامرازەکانی توێژینەوەکان

| تەوەر | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | باش | تاڕادەیەک باش | لاواز | کۆ | ناوەندی شیاو | وزن مئویی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیاریکردن وبەکارهێنانی ئامرازەکانی توێژینەوەکان | گونجاوی ئامراز | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | باڵا |
| | پەیڕەوکردنی بنەماکان | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | باڵا |
| | وردی پراکتیزە کردن | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | باڵا |
| | شێوازی خستنە ڕوی داتاکان | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | باڵا |
| | ڕادەی تازەگەری داهێنان | ٤ | ١ | ١ | ٦ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ | باڵا |
| | تێکڕا ی ناوەندی شیاو و پلە | | | | | ٢.٥ | | باڵا |

**چوارەم: دەرئەنجامی توێژینەوەکە:**

١-دیاریکردن ودارِشتنی ناونیشانەکان پێوەری هەڵسەنگاندنی باش لە پێشەوەی پێوەرەکانی تردا بوە و تێکڕای ناوەندی شیاوی ناونیشانەکان لە ئاستی باڵادا بوە.

٢-سەبارەت بە زمانی نوسینی ڕاپۆرتی تێزی دکتۆراکان، دەرکەوتوە کە (زمانی ئەکادیمی بەکارهێنراو بۆ نوسینی ڕاپۆرتی تێزەکان) لە پێوەری هەڵسەنگاندنی باشدا بوە و ناوەندی شیاوی نوسینی تێزەکان لە ئاستی باڵادا بوە.

٣- لە شێوازی نمایشکردنی پێشەکی دکتۆراکاندا دەرکەوتوە لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندندا پێوەری (باش) بەرزترین بوە لەچاو پێوەرەکانی تردا و بە تێکڕای ناوەندی شیاویان لە ئاستی باڵادا بوە.

٤-لە دیاریکردنی کێشەی تێزەکاندا لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندندا پێوەری (باش) بەرزترین بوە لەچاو پێوەرەکانی تردا و بە تێکڕای ناوەندی شیاوی ئاستی باڵا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

٥-سەبارەت بە ئامانجی تێزی دکتۆراکان ئەوە دەرکەوتوە کە لە تێزەکان دا پێوەری هەڵسەنگاندنی تاڕادەیەک باش لە ناو تەوەرەکانی هەڵسەنگاندندا زۆرترین بوە و تێکرای ناوەندی شیاوی ناوەند.

٦- لە هەڵسەنگاندنی میتۆدی توێژینەوەکاندا کە تێزەکان بەشێوەیەکی گشتی سەرکەوتوبون لە دیاریکردنی جۆر و میتۆدی توێژینەوەکان بە ناوەندی شیاوی ناوەند کە ئاستێکی بەرزە و لە پلەی (باڵا)یە.

٧-تێزەکان بەشێوەیەکی زۆر باش توانیویانە کۆمەڵگەی توێژینەوەکانیان دیاری بکەن، بەجۆرێک ناوەندی شیاویان لە ئاستی باڵادا بوە.

٨- تێزەکان بەشێوەیەکی باش توانیویانە نمونەی توێژینەوەکانیان هەڵبژێرن و دیاری بکەن لە ئاستی باڵادا بون.

٩-لە دیاریکردنی سنوری توێژینەوەکاندا دەرکەوتوە کە تێزەکان تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوبون لە دیاریکردنی سنوری توێژێنەوەکان و لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندندا نزیکی بەدیدەکرێت و لە ئاستی باڵادا بون.

١٠-لە دیاریکردن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی توێژینەوەکاندا دەرکەوتوە کە تێزەکان لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندندا پێوەری (باش) لە پلەی یەکەمدا بوە بەئاستی باڵا.

**پێشنیاز:**

١-گرنگیدانی زیاترلە دیاریکردن و داڕستنی ناونیشانەکاندا بەو پێوەرانەی هەڵسەنگاندن کە ئاسستی تاڕادەیەک باشیان هەبوە و ناوەندی شیاویان لە پلەی ناوەندا بوە وەک پێوەرەکانی (وردی و ئاسانی و ڕەسەنایەتی).

٢-گرنگیدانی زیاتر لە زمانی نوسینی ڕاپۆرتی تێزی دکتۆراکان بە وپێوەرانەی هەڵسەنگاندن کە ئاسستی تاڕادەیەک باشیان هەبوە و ناوەندی شیاویان لە پلەی ناوەندا بوە وەک پێوەرەکانی (ئاستی ئاخاوتن و دارشتنی زمانەوانی، ڕەوانبێژی).

٣-گرنگیدانی زیاتر لە پێشەکی توێژینەوەکاندا بەو پێوەرانەی هەڵسەنگاندن کە ئاستی تاڕادەیەک باشیان هەبوە و ناوەندی شیاویان لە پلەی ناوەندا بوە وەک پێوەرەکانی (قەبارە، ڕونکردنەوەی هۆیەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە، پەیوەست بون بە توێژینەوەکانی پێشو ڕاسپاردەکانی،....هتد)

٤-گرنگیدانی زیاتر بە دیاریکردن و داڕشتنی کێشەی توێژینەوەکاندا بەو پێوەرانەی هەڵسەنگاندن کە ئاستی تاڕادەیەک باشیان هەبوە و ناوەندی شیاویان لە پلەی ناوەندا بوە وەک وەک پێوەرەکانی (شێوازی داڕشتنی کێشەکە بە شێوەی لۆجیکی لە گشتەوە بۆ بەش، ڕاڤەکردنی کێشەکە، گونجاوی و پەیوەستبون، .....هتد).

٥-گرنگیدانی زیاتر بەسەرجەم پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئامانجی توێژینەوەکان کە ئاستیان تاڕادەیەک باش بوە و بەتێکرای ناوەندی شیاوی ناوەند.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

**ڕاسپاردە** :

١-ئەنجامدانی توێژینەوەی خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە بواری ڕاگەیاندن بە هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوەکانی پلەبەرزکردنەوە.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوە بە مەبەستی دروستکردنی پێوەری هەڵسەنگاندن لە بواری ڕاگەیاندن لە دیدی هەڵسەنگێنەرانەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

# Evaluation of PhD Thesis in the Department of Media Salahaddin University is evaluated according to research quality criteria

**Roza Hamaweass Hamamerza[1] - Jawad Niemat Hussein[2] - Fuad Ali Ahmad[3]**

[1+3]Media Department, College Humanity Since, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Art Education Department, College Humanity since, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

- This research is entitled Evaluation of PhD Thesis in the Department of Media Salahaddin University is evaluated according to research quality criteria Research of the Department of Media, Salahaddin University The main problem of this study is the main question of whether theses Did they follow research quality criteria ?
- This research is descriptive and relies on an evaluation form Through a criterion for evaluating thesis of the most important outcomes that The research concluded that the evaluation criteria are to identify and draft titles It has been well ahead of other criteria and the average media eligibility of titles is at high, regarding the language of writing doctoral thesis reports, it has been found that language Academics used to write thesis reports in good evaluation criteria and the writing of theses was at a high level It was found that the evaluation criteria of "good" was the highest In identifying the problems of theses in the evaluation criteria The criterion of "good" was the highest compared to other criteria and the level of objectives was high.

**Keywords**: Evaluation, PhD Thesis, Media Department, Salahaddin University, Research Quality, Criteria.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16**

**سەرچاوەکان**

عناية غازى، (٢٠٠٦)، ئامادەکردنی تویژینەوەی زانستی، وەرگێڕانی: بەهرە محمد عەلی، چاپی چوارەم، کۆمەڵەی ئارا بۆ توێژینەوەی زانستی.

أبو علام، رجاء محمود (٢٠٠٦)، مناهج البحث في العلوم النفسية و التربوية، ط٥، القاهرة، دار النشر للجامعات.

عثمان، رياض،(٢٠١٤)، معايير الجودة البحثية في الرسائل الجامعية الأسس العلمية بالتطبيق والتمثيل لوضع الخطة، بيروت، دار الكتب العلمية، ط،٢٠١٤.

طربلسة، شيراز محمد، (٢٠١١): اداره جودة الخدمات التعليمية و البحثية مؤسسات التعليم العالى، عمان دار الاحصار.

البلداوي، عبدالحميد عبدالمجيد (٢٠٠٧)، أساليب البحث العلمي والتحليل الاحصائي، ط٣، عمان، دار الشروق للنشر.

أبو زينة، فريد(٢٠٠٣)، مناهج الرياضيات المدرسية وتدريسها، ط،٢، مكتبة فلاح، عمان.

الكبيسي، محمد محمود (٢٠٠٩)، فلسفة العلم ومنطق البحث العلمي، بغداد، دار بيت الحكمة للنشر.

العبسى، محمد مصطفى(٢٠١٠)،التقويم الواقعي في العملية التدريسية، عمان، دار الميسرة للنشر.

حجاب، محمد منير(٢٠٠٣)، اساسيات البحوث الاعلامية والاجتماعية، ط٢، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع.

حجاب، محمد منير(٢٠٠٠)، الأسس العلمية لكتابة الرسائل الجامعية، ط٣، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع.

عبدالقادر، موفق عبدله (٢٠٠٥)، منهج البحث العلمى و كتابه الرسائل اللعلميه: مكه، دار التوحيد للنشر.

الشامخ، نورا (٢٠١٨)، التقويم في التعليم، شبكة الألوكة –قسم الكتاب، الملكة العربية السعودية.

چاوپێکەوتن:

محمد، ئازاد عبدالعزيز ،سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین لە ٧-٥-٢٠٢٢ لە ڕێگەی تەلەفۆن کاتژمێر ٥ی ئێوارە.

Willison, John, Research Skill Development and Assessment in the curriculum (Australian learning teaching council, Australia ,the university of Adelaid,2009 ,page



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

الدوغجي، وداد نجم عبود ،(٢٠١٦)،معايير التقويم المنهجي لبحوث الاعلام –دراسة في بناء انموذج تقويمي،قدمت الى مجلس كلية الاعلام في جامعة بغداد،رسالة دكتوراه غير منشورة.

الموسوی، نعمان محمد صالح، ،تطوير معايير لتقويم منهجيه البحث التربوى ، گۆڤارى (مجلة العلوم التربوێه و النفسية ،بەرگى ١٢، ژماره ٣ (كانونى يەكەم ٢٠١١).

http: archive.gov, 2021 (زانكۆ وپەيمانگا حكوميەكانى هەرێمى كوردستان) ڕێكەوتى سەردانيكردن ٢٠٢٢/٥/٢٨ كاتژمێر ٩:٣٠بەيانى.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16

## پەراوێزەكان:

(١) توێژەر هەندێک لە نامەو تێزەکان لە ڕێگەی پەیوەندی کەسی خۆی بە دەستی خستن، بەڵام زۆربەی تێزەکانی زانکۆی سەلاحەدین لە ڕێگەی زۆر بەڕێز دکتۆر(عبدالخالق ابراهیم) دەست توێژەر کەوتن و هەندێکیشیان لەلایەن توێژەرە بەڕێزەکانەوە دەست توێژەر کەوتن.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ م. ئازاد عبدالعزیز محمد سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین لە ٧-٥-٢٠٢٢

(٣) ناوی پسپۆڕان و هەڵسەنگێنەران بەپێی پلەی زانستیان:

١- پ.د نەزاکەت حمە سعید حسێن: بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٢-پ.ی. د سەلام نصرالدین محمد: بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٣-پ.ی. د. ابراهیم سەعید: بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٤-- پ.ی. د.ابتیسام اسماعیل قادر: بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٥- پ.ی.د.حبیب ماالله: پەیمانگای زانستی ڕاگەیاندن -ئەڵمانیا زانکۆی Ruhr – Bochum - ٦-پ.ی. د. حەکیم عثمان: زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

(٤) جوان جلال الدین محی الدین: مامۆستا لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی و هاوکات خوێندکاری دکتۆرا.

(٥) وداد نجم عبود الدوغجي (٢٠١٦) معايير التقويم المنهجي لبحوث الاعلام –دراسة في بناء انموذج تقويمي، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ڕاگەیاندن کراوە لە زانکۆی بەغداد.

(٦) نعمان محمد صالح الموسوی، تطویر معاییر لتقویم منهجیه البحث التربوی، گۆڤاری (مجلة العلوم التربویه و النفسیة، بەرگی ١٢، ژمارە ٣ (کانونی یەکەم ٢٠١١).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper16